


# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛نها.

**ژمارە ١٣ _ ١٧ی خاکەلێوە ٢٧١٨**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

شەرمین ساڵحی
جەبار شافێعی زادە
هیوا شاهیان
ڕەحمان جەنگ
بیژەن ڕەحمانی
دابان عەتار
هیوا بەیرامی
جێگر بەختیار
ناسر فەتحی

**چیرۆکی میوان:**

هێمن عەبدوڵاپوور
رزگار لوتفی
ئەڤراز عەبدولکەریم
زانا شەریفیان
سەیفوڵا ساعێدموچشی
کورش زارع ڕەمشتی

**ئامادەکاران:**

**ئەمیر سیراجەدین**
**ناسر فەتحی**

RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

- چیرۆکی کارگەیی
- چیرۆکی میوان

• ئامادەکاران:
ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

١٧ی خاکەلێوە ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم



«...»

لە دوای ساڵێک گەڕابووەوە هەمان ئەو نەخۆشخانەی پێشتر کاری دەکرد.

پیاوەکە بە ئەسپایی ئاخێکی کێشا و بە پەلە پانتۆڵەکەی هەڵکێشا. یاوەکەی دابەزیبوو و هەستی دەکرد لەشی چیاو بۆتەوە بۆیە پەتوەکەی بە خۆیدا دا و بە پشتەوە لە سەر تەختەکە ڕاکشا.

گەڕابوونەوە! جگە لە دەنگی تەقەی پێڵاوەکانی ژنەکە نەبێ کە دەنگی دەدایەوە لەو هاڵە گەورەیەدا هیچ شتێ نەدەبیسترا؛ پیاوەکە لە سووچێکی هاڵەکەوە وێستابوو، هەر وا کە ئەسووڕامۆ گازێکیشم لە بابۆڵە هێلکە و ڕۆبەکەم ئەگرت، هیچ کات لەمەوبەر حەزم لە هێلکە و ڕۆب نەبوو، وەلێ ڕۆژێ لە ناو کوچا بە دەس مناڵێکۆ بینیم وا بە تامۆ ئەیخوارد منیش دڵم چووە سەری، ئیتر

لەو ڕۆژۆ هەرچی بەیانییە بابۆڵەیە درووس ئەکەم و چەن گەڵا نەعنای تێ ئەخەم و هەر بە پێوە ئەیخۆم...

ژنەکە تۆزێک بە دەوری هاڵەکەدا سووڕایەوە ئینجا مەلافەکانی لە سەر مۆبلەکان و باقی شتوومەکە داپۆشراوەکانی نێو هاڵەکە لادا، تەپ و تۆزێکی زۆر بەرز بوویەوە و هەر دوو دەستیان کرد بە کۆخەکۆخ؛ ژنەکە پەنجەرەکانی کردەوە، با" گەڵا و گوڵە ویشک بووەکانی سەر تاقەکەی پرژاندە نێو هاڵەکە، پەردەکان دەستیان کرد بە شەکانەوە وەک بڵێی بۆ هاتنەوەیان کەوتبێتە سەما کردن.

دایکم هەر بەیانی زوو چووبوو بۆ پرسەی ژنێکی هاوولاّیەتیمان، ئێژن کاتێ ئەچێ بۆ حەمام تووشی هەناسەتنی ئەبێ و بە ڕووتی ڕائەکاتە هاڵەکە، تا شووەکەی یەتۆ هێشتا گیانی تیا ماوە بەڵام تا جلەکانی ئەکاتە بەری و زەنگ ئات بۆ مناڵەکانی گیانی لە دەس ئات. چاییەکە دەم ئەکەم و خۆم ئەخەم بە مل تەختەکەما، خوا بکات کەس لە ئایفۆن نات.

هەردوو دەستی خستبووە سەر دیواری باڵکۆنەکە و سەیری منداڵەکانی نێو کۆڵانەکەی دەکرد، با" قژە لوول و ئاڵۆزەکەی، تابێ ئاڵۆزتر دەکرد، پێڵاوەکانی داکەند و دەستی نایە سەر سکی و ئەم سەروو ئەو سەری باڵکۆنەکەی دەکرد.

پیاوەکەیش لە پشت پەنجەرەکەوە سەیری دەکرد؛ منداڵەکانی نێو کۆڵانەکە بە شوێن یەکتریدا ڕایاندەکرد، ژنەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و لە سەر چوارپایەکەدا دانیشت. ماشێنەکان یەک لە دوای یەک دەهاتن و دەڕۆیشتن؛ منداڵەکان زوو زوو یارییەکەیان لێ تێک دەچوو. ئەو ڕۆژە گوایە شارەداری بۆ چاک کردنی ڕێگاکان، شەقامی سەرەکی بەستبوو و ماشێنەکان لەو کۆڵانەوە هاتووچوویان دەکرد. دەنگەدەنگێک ئێتە گوێم، پیاوەکە بە پەلە پانتۆڵەکەی هەڵکێشا و بە پەشتەوە لە سەر تەختەکەی ڕاکشا؛ پەرستارەکە زەردەیەک گرتی، هەردوو پێدەکەنین. بە پرتاو دەرگای ژوورەکەم کرایەوە؛

- می می یان ئاتم.(می می گیان هاتم)

- ئای بە قوربان لێرە چی ئەکەی؟ بازەم بە پای خۆلاویی هاتیتۆ بۆ سەر قالێەکان؟ نایژی باوە توورە ئەبێ؟ "باوکم ئێژێ من بەرماڵ ڕاناخەم، لە هەر کویا بێ نوێژەکەم ئەکەم هۆشی ئەم منالاّنتانە بێت فەرشەکان لە نوێژ نەبەن"

- می می پیف می می پیف

- ئۆۆۆی دیسان گووت کردووە؟می می خەریکی نووسینە، ئیسە کەی کاتی گووە ئاخر...! بڕۆ، بڕۆ با بتبەمۆ بۆ لای دایکت دەی...

- نا نا می می ئا می می ئا

- می می نا می می نا

- بێرۆ بۆگەن کوشتمی...

چاییەکە دەمی کێشابوو و کچەکە بە دووچەرخە بچووکەکەیەوە بە نێو کۆڵانەکەدا دەسووڕایەوە، زوو زوو دەنگی تورمز گرتنی ماشێنەکان دڵی ژنەکەی دەهەژاند.

- تۆ کێی؟ناشێ هاوڕێی بووبیت، هەر ئێوە بوون بە بایسی خوا لە ناوتان بیات، هەر ڕۆژە و پلانێکتان بۆ ئەکێشا. ڕۆژێ دزی، ڕۆژێ مەوادفرۆشی، ئیسەیش بارمتەگرتن کوڕەکەمی لە بەین مەرگ و ژیانا خستووە(بە گریانەوە...)

- نە دایە گیان من هاوڕێی نیم، کوڕەکەیشت هەر ناناسم؛ من ئەو کەسەم دوێنێ لە کاتی ڕووداوەکەدا کوڕەکەتم بینی لە ..." باوکم هەمیشە ڕێک لە ئەوجی فیلمەکانا ئەیگۆڕێ و ئێژێ: با جارێ ئەو سەعات حەوتە بگرین کچم، فیلم لە دەس دەرناچێ! بزانین ئیمڕۆ چ قوڕێکیان بە سەرا کردووین، دەنگی تەلەفزیۆنەکە زیاتر دەکات، دوایین زانیاریی لەبارەی هێرشی تورکیە بۆ سەر عەفرین:

-فڕۆکە جەنگییەکان و تۆپخانەکانی تورکیا بەردەوامن لە سەر بۆردوومانکردنی شارەکە؛ ئەو دیمەنانەی لە عەفرین دەبینرێن ناخی هەموو مرۆڤێک ئەهەژێنێت. چاییەک لە بەردەم

باوکما دائەنێم و لە سەر مۆبلەکە دائەنیشم...

چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا و هێزەکانی تورکیا خەریکی تالان کردنی عەفرینن...گوو بە شەرەفت ئەردۆغان...( باوکم ئێژێت) دوایین قوم لە چاییەکەم ئەخۆم و چاوێ لە مۆبایلەکەم ئەکەم، چەن پەیامێک هاتووە:

ـ دادە ئێمە بۆ ژمارەی یەکمان نییە؟

...

ـ سلاو چۆنی دادە؟

جەژنی نەورۆزیشت پیرۆز بێ

شمارەکەت دانێ بۆم با بمبێ ماڵتە...

چیرۆکەکەیشتم چاپ کرد.

ـ ئێوە؟

ـ سەربازێ...

...ـ

ـ ئەیووبم دادە، ڕیپۆرت بووم نەمئەتوانی پەیامت بۆ بنێرم...


(سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری ڕوانگە بوو، بە هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر توانیبووی لە زانستگەی علووم پزشکی تەورێز، ئیزنی چالاکی گۆڤارەکە بگرێت و بە یارمەتی هاوڕێیانی تا ژمارە دەی لێ بڵاو بکاتەوە...بەڵام ئێستا بووە بە سەربازو ڕۆژانی هەینی مۆبایلەکەی پێ ئەدەن...)

لە کوێ بووم ئا ـ دڵی ژنەکەی ڕادەچڵەکاند؛ ماشێنێک بە خێراییەکی زۆر ڕوو بە منداڵەکان دێت، هەموو منداڵەکان بڵاوە پێ دەکات، هەریەک بە شوێنێکا ڕایانکرد ماشێنەکە تورمز دەگرێت، دەنگی قیژە و هاوار بەرز دەبێتەوە...ژنەکە بە خۆڕنین و پێخاوس خۆی دەگەیەنێتە کۆڵانەکە.

پیاوەکە لەو دیو پەنجەرەکەوە سەیری دەکات، ژنەکە دەستی لە سەر سکیەتی و بە شەرمەوە سەیری پیاوەکە دەکات.

براکەم بانگم ئەکات: ـــ ئێژن ناونووسی ئازموونی ئێستخدامی دەسی پێکردووە(تاقیکاری بۆ دامەزراندن لە وەزارەتی پەروەردە و ڕاهێنان) هۆشوو بێ بازەم لە دەسوو دەرنەچێ. (جاری پێشوو هەر بە ئەنقەست ناوم نەنووسی، ئاخر تەنیا دوو نەفەریان گەرەک بوو، تاقیکردنەوەیش هەموو نمایشییە، بۆ من نابێت...) پەرستارەکە دەستی لە سەر سکی لادەبات و دەڕوات بۆ لای تەختی نەخۆشەکانیتر... چاوێک لە مەرجەکانی نانووسییە گشتییەکە ئەکەم!

* شەرمین ساڵحی



**«ناچیرۆک»**

پێشکەش بە: عەتا نەهایی

برێ جار نووسینی چیرۆک جگە لە بەفیرۆدانی کات هیچی تر نیە هەروەهاش خوێندنەوەی. ڕێک وەک ئەم چیرۆکە قۆڕەی من ئەینووسم و تۆ ئەیخوێنی. گەر دەتەوێ لەم چیرۆکە تێبگەی تابڵۆیەک سپی لە بەرانبەرتا دانێ و یەکەمین وشەی تەواو دێڕەکان لە سەرەوە بۆ خوار و هەروەها دواهەمین وشەی هەموو دێڕەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە سەر تابڵۆکە نەقاشی بکە جا سەیری تابڵۆکە بکە تا لە چیرۆکەکە تێبگەی. گەر لە چیرۆکەکە تێنەگەیشتی تابڵۆکە سەرەوخوار دانێ ئەگەر ئەم جارەش تێنەگەیشتی پاڵی خەرەوە، واش لێی حاڵی نەبووی تابڵۆکە لەسەر عەرز دانێ و خۆت هەڵواسە بنمیچی ژوورەکەتەوە و لە سەرەوە بۆی بڕوانە، گەر واش تێنەگەیشتی بەرلەوەی سەرت گێژ بڕوات وەرە خوارێ تابڵۆکە بە تووڕەییەوە فڕێ بدە ناو زبڵدانی گەورەی شار و دوو جنێویش بدە بە من و دوو جنێویش بە خۆت و لەگەڵ خۆتا مەرج کە تا ماوی چیرۆکی من نەخوێنیتەوە.

ئەمە چیرۆکی منە

نازانم ئەو ژنە کێیە. من کە نەمبینیوە و دڵنیام کەسیش ناتوانی بیبینێ چونکوو من وەکوو چیرۆک نووسی ئەم چیرۆکە کەسایەتی ئەو ژنەم وا دارشتووە هیچ خوێنەرێ نەتوانێ رووەمتی ببینێ جگە لەوەش تۆی خوێنەر هەر ژنێک لە زەینی خۆتا بخولقێنێ و پێت وابێ ژنی ئەم چیرۆکە لەو ئەچێت تەواو بە لارێدا چوویت چون مادامێ کە منی نووسەر نەزانم ئەو ژنە کێیە تۆ چۆن ئەزانی. ملی رۆڵان بارتیش ئەشکا با هەر بڵێ La mort de l'auteur

ئەو ژنە هەموو رۆژێ یەک خولەک تا پەنجەرە لە ئیسگەی شەمەندەفەرا لە سەر کورسییەک دائەنیشێ کە رۆژ ئاوا دەبێ ئاوێنەیەک ئەخاتە دەریای پاڵ ئیسگەکەو دەرِوات. بە رۆشتنی ئەو پەنجەرەی ئیسگەکە دەشکێ پەپوولەیەک دەمرێ و باڵە رەنگامەکانی لەسەر هێڵی ئاسن دەپروکێ.

رەنگە ئەو شۆرەبییەی سەر شەقام تۆ ئەتەوێ تا هاتنی ئەو ژنە وەک "بارۆنی سەر دارەکان" لە سەری دانیشی شۆرەبی نەبێ لەوانەیە رەشەبا بێت کە خۆی کردۆتە درەخت تا قسەکانی تۆ و ئەو ژنە ببیسێت و ببیات لەهەموو وڵاتا بڵاوی بکاتەوە ئەو کات وڵات پڕ ئەبێ لە قاڵاو و سەری ئەو دوو کۆترەش ئەبرن کە تۆ لەمێژە چاوەنوارِی لە ناو لەپتا هەڵنیشنەوە.

تکایە لەم دێرەدا بۆ ئەو دوو کوترە سپییە گۆڕ هەڵمەکەنێ من ئەمەوێ ئەم دێرە لە ئاوێنەدا بگێرمەوە. ئەو ژنە هێشتاکە لە ئیسگەکەدایە لە پلیکانی ئیسگەکە تا لێواری دەریاکە ئەرِوات پەنجەرەیەک لە دەریاکە ئەگرێ. پەنجەرەکە ئەکاتەوە ئەنگوستیلەیەک کە لە پەنجەرەکەدایە دەیکاتە قامکییەوە وەنەوشەیەک لە تەنیشت پەنجەرەکە دائەنێ سواری شەمەندەفەرەکە دەبێ و ئەرِوات.

تۆ هێشتا وەک بارۆنی سەر دارەکان لە سەر شۆرەبییەکە دانیشتوویت.

وەرە خوار مەیموون.

ئەمە دەنگی ئەو کابرایە کە لە نووسینی ئەم چیرۆکە توورەیە. ئەو هەموو شەوێ لە ئاخرین ئیسگەدا سیغارێک هەڵئەگیرسێنێ و سییەکانی پڕ ئەکات لە دووکەڵوو بەو دووکەڵە شێعرێک ئەنووسێ. من لەو چیرۆک نووسانە نیم بڕوام بە ئازادی خوێنەر بێ کەوایە تۆ وەکوو خوێنەر کەیفی خۆت نیە ئەو شێعرە بخوێنێ یان نا دڵنیابە گەر ئەو شێعرە نەخوێنی هیچ لەم چیرۆکە ناگەی بۆ وەی ئەم چیرۆکە چیرۆکی ئەو شێعرەیە.

سنووری خۆی بەزاندووە ئەم شێعرە

لە توێکڵی گوێزا ڕووئەدات

ژن پەنجەرە

پەنجەرە ژن

ژنی ئەم شێعرە

لە نیوگۆی ڕۆژهەڵاتا

یەک خولەک تا پەنجەرە

دەکەوێتە ڕۆژئاوا

تکایە ئەم پەنجەرە دانێن بەر لە هەتاو

لە نیوگۆی ڕۆژئاوا

ڕەنگە شێعر

لە توێکڵی گوێز بێتە دەرەوە

ژن ڕووبدات لەو دیوی پەنجەرەوە

سەیری ئەو پیاوە بکات

لە شەقاما ڕووئەدات

سنووری خۆی بەزاندووە ئەم شێعرە

لە توێکڵی گوێزا ڕووئەدات

پیاو ژن

ژن پیاو

پیاوی ئەم شێعرە

لە نیوگۆی ڕۆژئاوا

یەک هەنگاو تا ژن

دەڕوات لە شەقام



تکایە ژنی ئەم شێعرە
لە نیوگۆی ڕۆژهەڵاتا دانێن
ڕەنگە شێعر
لە توێکڵی گوێز بێتە دەرەوە
پیاو لە شەقاما بمێنێتەوە
سەیری ئەو ژنە بکات
لە پەنجەرەدا ڕووئەدات
سنووری خۆی بەزاندووە ئەم شێعرە
لە توێکڵی گوێزا ڕووئەدات
ژن شەقام پەنجەرە پیاو
پیاو شەقام پەنجەرە ژن



ماتڵی چیت؟

گەر تۆی خوێنەر ژنیت و بەو لێوە سوورانەتەوە ئەم چیرۆکە ئەخوێنیتەوە یان لەو ژنانەی ڕۆیشتوویتە کلاسی تندخوانی و بەو چاوە ڕەشە یان شینانەتەوە دەیخوێنی بەر لەوەی بارۆنی سەر دارەکان لە شۆڕەبیەکە دابەزێ لە هەموو شەقامەکانی جیهاندا پەنجەرەیەک دانێ و لە پشت هەموو پەنجەرەکان دانیشە چەمەدانەکە بکەرەوەو ئەو نامەیەی لە چەمەدانەکە دایە بیخوێنەو بێ ئەوەی وڵامی نامەکە بدەیتەوە چی پەنجەرەیە لە هەموو شەقامەکان بسڕەو بەرلەوەی بارۆنی سەردارەکان بە تۆ بگات و ئەو ئاوێنەیەی من خستوومەتە گیرفانیەوە پێی بداتێ سەری خۆت هەڵگرەو بڕۆ چون منی چیرۆک نووس پێم خۆش نیە ئەم چیرۆکە

لە دەرەوەی توێکڵی گوێزا ڕووبدات و ئێوە لەم چیرۆکەدا بەیەک بگەن و لە ناو ئاوێنەکەدا سەیری خۆتان بکەن و بە منی چیرۆک نووس پێبکەنن.

ئەگەر پیاویت دڵنیام سیغارێکت هەڵکردووەو ناتە بە لای لێوتەوەو ئەم چیرۆکە وشە بە وشە دەخوێنی دەزانم تۆ ڕقت لە کلاسی توندخوانی‌یە و پێت وایە ئەو شتانە بۆ پیاو ناشێ تۆ پێت وایە خوێنەر تا هەموو وشەکان یەک دوای یەک وەک جاجگ نەجوێ مەحاڵە لە مانایان بگات. کەوایە لەسەر دارەکە دامەبەزە نەک بەرلەوەی ژنی ئەم چیرۆکە پەنجەرەکان لە شەقامەکان بسرپێتەوەو بیانخاتە دەریاوە برۆیت لەو دیو هەموو پەنجەرەکان سەیری ئەو بکەیت و گوێ لە دەنگی بگری کە ئەو نامەیە دەخوێنێتەوە کە من بە ناوی تۆوە بۆم نووسییە دەزانم دڵنیای ئەکەی تۆ ئەو نامەیەت نەنووسییە ئەوسا ئەو ئاوێنەیەی من خستوومەتە گیرفانتەوە ئەیدەی بە ژنەو لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆتان  ئەکەن.

هەر ئێستا لەسەر دارەکەوە وەرە خوارێ برۆ خۆت بخە دەریاکەوە چون منی چیرۆک نووس پێم خۆش نیە ئەم چیرۆکە لە دەرەوەی توێکڵی گوێزا ڕووبدات و لەگەڵ ژنی ئەم چیرۆکە بەیەک بگەن و دەنگی پێکەنینتان لە تەواو دێرەکانی ئەم چیرۆکە بڵاو ببێتەوە.

ئێستا کە هەموو خوێنەرانی ئەم چیرۆکە واتێدەگەن کە چیرۆکەکە تەواو بووە من لە دێرێکا لە چیرۆکەکە دێمە دەر ئەڕۆم ئاوێنەکە لە دەریا ئەگرمەوە ئەڕۆم بۆ ئەو شەقامەی کە ناونیشانم لە چیرۆکەکەدا بە کەس نەداوە لەو دیو پەنجەرەکە سەیری ژنەکە ئەکەم جگەرەیەک هەڵئەکەم و ئاوێنەکەو وەنەوشەکەو ئەنگوستیلەکەی ئەدەمێ‌و تا کۆتایی نامەکە گوێ لە دەنگی ئەو ئەگرم و پێکەوە بە ژنی چیرۆک و بارۆنی سەردارەکان پێئەکەنین کە لە هەموو دێرەکانی چیرۆکەکەدا سەرگەردانن تۆی خوێنەریش لەگەڵ ژنی ئەم چیرۆکە کە سەری خۆێ هەڵگرتووەو بە هیچ کوێ ناگات و پیاوی گەمژەی ئەم چیرۆکە کە هێشتا وەکوو مەیموون لەسەر دارەکەیە چیتان پێئەکرێ و ناکرێ بیکەن بەڵام تکایە بانگ لە من و ئەو ژنە مەکەن لە دەرەوەی چیرۆکەکە پێکەوە گوێز ئەخۆین.

* جەبار شافیعی زادە



## «ترکەن»

پێرارەکە بیرۆکەی ڕۆمانێکم نارد بۆ هاوڕێیەکم کە ئەوکات تازە چاپخانەیەکیان دانابوو بەناوی "مانگ". ئێستا هەر ئەو مانگە بۆخۆی بۆتە یەکەمی بێ ڕکابەر، لە چاپی کتێب بۆ نووسەرانی دیار و بەناوبانگی کورد.

ئەوکات کە هاورێکەم پێشوازیی لە بیرۆکەکەم نەکرد، لە دڵی خۆمدا گوتم: "لە کونگێت بەم کاروان، تۆش پێت وایە من هەر ئەو ناسرە ترکەنەی ساڵانم و، ئەم ترە زلانەم لە کونگێ ناوەشێتەوە؟!"

بیرۆکەکەم بۆ هیچ چاپخانەیەکی دیکە نەنارد؛ نەک لەبەر ئەوەی خۆشم کارەکەی خۆم پێ فشە بێ، نا، لەبەر ئەوەی بەو ناسیاوییەی من لە مانگ و لە بەرپێوەرانی هەمبوو، بەخۆم دەگوت: "ئەگەر ئەوان جیکلدانەی هەرەس و چاپی کارێکی وایان نەبێ، هیچ چاپخانەیەکی دیکە عەقڵی بە شتی وا ناشکێ!"

ماوەیەک لەوەپێش کابرایەکی نازانم ئورووپایی یان ئامریکایی، یان... نازانم بەهەرحاڵ ترکەنی کوێ بوو؛ ڕۆمانێکی نووسیبوو، ڕێک هەمان ڕۆمان بوو کە من بیرۆکەکەیم بەو هاورێیەم ـ لە چاپخانەی مانگ ـ دابوو.

لەوانەیە بەخۆتان بڵێن: "جا کابرا ڕۆمانەکەی دەنووسێ و دەیدا بە چاپخانە و، ئەوانیش یان چاپی دەکەن یان نا؛ ئیدی بیرۆکەی ڕۆمان چ ترورەهاتێکە؟!"

ـــ ئاخر نووسینی ڕۆمانەکە پێویستی بە ساڵ و مانگ و حەفتە و ڕۆژ و سەعات نەبوو؛ بەڵکوو لە دە دەقەدا دەنووسرا.

قەراربوو ڕۆمانەکە بەمشێوەیە بێت: "هەموو لاپەڕەکانی سپی بێت؛ تەنیا یەک داواکاری لە لاپەڕەی یەکەمیدا بنووسرێت."

ئێستا ئەوە مانگێک دەبێ و نابێ، لە خاریجستان ڕۆمانێک چاپ بووە هەموو لاپەڕەکانی سپییە و، لە حەفتەی یەکەمی چاپیشی دا، چاپی دووبارەی نازانم گەیشتووەتە چاپی چەندەمی!

جا بۆیە لێرەوە ڕایدەگەیەنم: "هەر چاپخانەیەکی ترکەنی دیکەی کوردستان هەیە با پێوەندیم پێوە بکات، تا بەشی "داواکاری"یەکەشی بە زەینی نووسەرێکی ترکەنی دیکەی خاریجیی نەگەیشتووە و چاپیان نەکردووە، بۆی بنێرم!

ـ تۆ بەمە بڵێ گلەیی و گازندە و، من پێی دەڵێم چیرۆکێک بە شێوازی سەرترڕڕ لە چیرۆک!

❊ ناسر فەتحی

## «پێم وایە؛ پێت وایە کە پێم وایە»

دەزانم، باش دەزانم؛ وەک زانایەکی هەمووشت زان, چاوەڕوانی ئەوەم لێ دەکەی، بابۆڵەکەت تەواو بۆ بگرم و بیدەمە دەستت و تۆش بە قەڕائەت و بەکاوەخۆ قەپاڵی لێبگری! بەڵام ئەوە خەیاڵی خاوە! ئەوەندە بزانە مایەم بۆ دانەنێی; مایەت بۆ دانانێم. چما هەر خوێنەرێکی وەک تو نییە; پێم دەڵێ بەدوای بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆوەیەتی؟!

ئەوەی ڕاست بێ; نزیکەی ٣٠ ساڵ لەمەوبەر؛ پێش ئەوەی کە بێ سەروشوێن بم; نامەکەم لە سندووقی پۆستی چوارڕێی ئازادی خست و سەعاتەکم  لە پێش سەربازی دا; دابوو بە وەستا مەحموودی سەعات ساز, بۆم چاک بکاتەوە. لە ئاخری و ئۆخری سەربازی دا, لە ئۆپەڕاسیۆنی مێرساد دا, بە دیل گیرام و نەسرین پێی وابوو مردووم و حکومەت پێی وابوو بێ سەروشوێنم و یوئێن پێی وابوو زیندووم و بۆخۆم هیچ پێم وانەبوو زیندووم و مەنسووری ڕەفیقیشم پێی وابوو کەم ئەندام بووم. هەروەک ئەو چیرۆکەی لەبەر دەستتانە! بۆ خۆم پێم وایە شاکارە و بەردەنگ پێی وایە ئاڵۆزە و خوێنەر پێی وایە بەهێزە و هاوڕێی نووسەرم پێی وایە ڕەق و تەقە و ڕەخنەگریش پێی وایە تەڕەماشە!


نەسرین قەت نامەکەی نەدیت و نەسرین قەت نامەکەی نەخوێندەوە و نەسرین قەت چاوەڕێم نەبوو و نەسرین شووی کرد!

منیش قەت ئاشق نەبووم و منیش قەت مرۆڤ نەبووم و منیش قەت زیندوو نەبووم و منیش شووم کرد!

باشە; کەس نییە پێم بڵێ: ئەگەر ئەتۆ هەموو شت زان نی; ئەدی چۆن بیرۆکەی چاوەڕوانی بەردەنگ دەخوێنییەوە؟!

ئێستاکەش سەعاتەکەم لای وەستا مەحموودی سەعات سازە; چاکی نەکردۆتەوە! سەعاتەکەم خەوتووە!

*** بیژەن ڕەحمانی**



## «چیرۆکی چیرۆکنووسێک»

من نووسەر نیم و ئەزانم قەتیش نابم بە نووسەر، بەڵام پێم حەیف بوو ئەم چیرۆکە نەنووسم. سێ ساڵە دەمەوێ بینووسم کەچی یان وەخت ناکەم یا ئەوەیکە حەوسەڵەی نووسین و شتیوام نییە.

چیرۆکەکە لە نێو مێشکم ئامادەیە و هەر ئەوندەی دەوێ دایرێژم و بینووسم. ئەزانم چیرۆکێکی زۆر بەهێزی لێدەردەچێ چوون بە سەرهاتەکەم بە چاوی خۆم دیتووە و دەتوانم زۆر بە جوانی بیگێڕمەوە و بیکەم بە چیرۆک. ئەزانم ئەگەر ئەم چیرۆکەم بنووسم و چاپی کەم، عالەم دەیانەوێ بیکڕن و بیخوێننەوە.


ئەو دەم زۆر بەسەختی بە دەست دەکەوێ و ناتوانی پەیدای کەی. کە وایە خوێنەری بەڕێز خۆت بە بەختەوەر بزانە کە ئێستا دەتوانی ئەم چیرۆکەی من بخوێنییەوە.

پێم خۆش نییە لەوە زیاتر مەحتەڵت کەم، دەمەوێ دەست بکەم بە نووسینی چیرۆکەکە.

ڕۆژێک لە نێو شار خەریکی پیاسەکردن بووم. لەناکاو دیتم کابرایەکی پیری، قژ شێواوی، پیس و ناحەز خەریکی ...

ببوورە خوێنەری خۆشەویست، دایکم بانگی کردم، دەبێ بڕۆم. دوایی دەگەڕێمەوە و درێژەی چیرۆکەکە دەنووسم!

* هیوا شاهیان



**«جێ بە جێ»**

ئەو چیرۆکە ئەوە هەر هیچ، هەربۆ خۆشم زەمان و مەکانم نەماوە. نەک بڵێی پێشتریش بووبێتم، بەڵا لە درۆزن تۆ چەندە لە من تێدەگەی منیش هەر ئەوەندە لە زەمان و مەکان.

تازە ئەوانە ئەو کەرەسە سەرەکییانەن وا هەموو شتتێک بە کەڵەگایی دەبێ لە وان دا ڕوو بدات، جا چبگا بە وانی دیکە بۆ وێنە، ئاخۆ ئەو کەش ڕەخسانە وێدەچێ چی لێ بڕوێ!. یا خۆ ئەو قوڕە کێڵە دەبێتە بزمار و تا پەڵەی پاییز ...

خۆ باسی دێو و درنج و فسانەت بیستووە، ئەگەر زەمان وەر گەڕێتەوە یانی سەرەو قوون کرێ، ئەو ئێستایەی حازری دەبێتە یەکەم ساتی بوون و، ئەویش بە نا بە دڵی دەبێتە ئێستا و هەر وا دەڕوات و دەڕۆین، تا لەو سەرێوە من، تۆ؛ ئێمە دەچینە جێی بگێڕەوەکان. ئەوکات ئەگەر بڕێک لەو ڕاستییانە وا بە چاوی خۆمان دەیان بینین بیگێڕینەوە، ئاخۆ دێوەکانیان دێ بە دێ لە بەر دێوەکانمان خۆ نەدیو ناکەن!.

یان پەرژینی بە گوڵ، ئەو قسانەمان گوو بەو فسانانەیان ناکەن!؟. سەر باری هەموان کورتیلە چیرۆکیش لە سەر خۆیڕا بەو چوارپەل قرتاوییەی، دەڵێ من دەرفەتی ئەو ڕمبازێن و گەڕانەوەیەت پێ نادەم. دەیکوت نەک هەر ڕمبازێن، بگرە دەبێ دەست بە پشوو هەڵکێشانیشەوە بگری و پێخۆری پێوە بکەی. گوریسی ڕۆمانت نەڕێست بەرگنیش نەشارێوە، دەیکوت هێلکەت لە قەل پێنادزرێت.

کۆنسێرتێک بوو لە شەڕو ژان، مۆسیقای تەق وتۆقی ددانان بوو، لێوەکان بینیان بە هەموو کونی شمشاڵی میدیاکانەوە؛ کێوەکان تێلی زەوییان دەژەنی و، وڵات کپ و هەوری تەڵاقی منی ورد و کورتیلە چیرۆک چەغماغەی دەدا.

"عەلی فرووتەن" ئەیچڕی:


عەفرین ئەورۆ نەورۆزە

چۆن کەم جێژنە پیرۆزە ...

دادوەر: ڕاوی بە تۆمەتی بوون بۆ هەتا هەتایە لە ناو خۆیدا دەبەسرێتەوە، شەش دانگی کەش و شوێن و زەمان بۆ حکوومەتە و، ورد و درشتی چیرۆک بە سەرتر و ژێرترێوە ڕادەستی مشت و مڕ و چەلەحانەی بێ ئاکام دەکرێت.

بڕوار ــ ئەو ڕۆژەی پێی دەنازین

* ڕەحمان جەنگ



## «کش و مات»

یاری بە تەختەی شەترەنجەکەی بەردەمم دەکەم، وردە وردە بە دەوری خۆی دا دەیسوڕێنمەوە، نیو خول سەربازانی سپی دێنە بەردەم و نیو خولی دواتر سەربازانی ڕەش ، بەخێرای نیو خولی دووەم تێدەپەڕێنم. نازانم خۆشاردنەوەم لەم چایخانەیە تاکەی بەردەوام دەبێت، لە وانەیە تا مردن بێت؛ لە دەروە باران دەبارێت، ڕێژنە باران بەر جەمەلۆنەکە دەکەوێت، ئایی چ مۆسیقایەکە؟ خودا سەنتور بە جەملۆنەکان لێدەدات، من ئەم خودایەم خۆشدەوێت نەک خودای سەردەمی شەڕ.

- یاری بەم تەختەی بەردەمت مەکە، ئەمەش جیهانەکەی تۆ نیە ، وەرە با من و تۆ یاریەک بکەین.

سەرم هەڵبڕی دەنگیک لە بەردەم دەرگاوە دەهات لە بەر تاریکی چایخانەکە و کزی چاوم، نەم دەتوانی ببینم کێیە، بەڵام دەنگەکەی دەناسمەوە. ئەوە هاوڕێیە نوێیەکەمە، بەهەستی منداڵە!

- دەتەوێت یاری بکەین؟

- بەڵێ.

تەختەی شەترەنجەکەم لە بەر دەمی خۆم جێگیر کرد، وەک هەموو جارێک سەربازانی سپی بۆ من و سەربازانی ڕەش بۆ بەهەست. ڕەنگی ڕەش بۆ من بووە بە وەیشومەیەک، دواین جار کە ڕەنگی ڕەشم کردە بەرم، ئەمیرێکی هەڵاتووی داعش بووم.

- یالله دەست پێ بکە.

بە هەست وایگووت.

من یەکەم جوڵەی خۆمم کرد، ئەسپی سەر خانەی ڕەشم جولاند بۆ خانەی سێی ئاسۆیی و لە ڕاستەوە بۆ سێی ستونی.

یەکەم جوڵەی هەر یاریەکی ژیان ئاسانە، کاتێک دەکەویە ناو یاریەکە ئەو کات دەرفەتی گەڕانەوەت نابێت، یان دەبێت تا کۆتایی بجەنگی، یانیش هەڵبێیت و خۆت بشاریەوە وەک ئێستایی من، هەڵاتنکی وا هەڵتووم کە ڕەنگە منداڵەکانی خۆشم نەم ناسنەوە، پیرە پیاوکی ڕیش ماش و برنجی کە خەنە تاڵە سپیەکانی سور کردبوو و تاڵە رەشەکانی قاوەی کردبوو، ئێستا نەک هەر ڕیشی نەماوە ترسی ئاشکرابوون سیماشی گۆوریووە.

کە ماڵەوەم بە جێهشت و چوومە ڕێزی ڕێخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لە دوایی خۆم سێ منداڵم لە ژنی یەکەم و دوو منداڵم لە ژنی دووەم بە جێهێشت، منداڵی بچوکم هەر لە تەمەنی بەهەست دابوو، شازدە ساڵان. مجێوری مزگەوتێکی لایخۆمان بووم لە ڕێگایی چەند هاوڕێکمەوە پەیووەندیم کرد بە داعش.

بەهەست جوڵەی بە سەربازی بەردەم پاشا کرد، دوو خانە بۆ پێشەوە.

ـ مامە پیرە، هێندە لە  یاریەکە مەڕوانە، ئەمرۆ بەشی تۆ دۆڕان دەبێت .

بزەیەک کەوتە سەر لێوم، وام هەست دەکرد لێوەکانم ماسولکەیەکی ئاژەڵی سەر بڕاوە لە کاتی داچۆڕانی تنۆک تنۆکی خوێنی گیانی ئاژەڵەکە هەڵدەپەرن. چەند درۆزنانەیە ئەم زەردە خەنەیە.

جوڵەی دووەمی خۆمم کرد، ئەسپی سەر خانەی سپیم جوڵاند بۆ خانەی سێیەمی ستونی و لە لای چەپەوە بۆ خانەی سێییەمی ئاسۆیی.

بەهەست جوڵەی بە فیلی سەر خانەی ڕەشکرد سێ خانە بۆ پێشەوە. ئەم جوڵەیەی بەهەست تەواو پەشۆکاندمی،گەڕاندمیەوە نێو بیرەوەریەکی تاڵ، هەستم کرد کە دەیویست بە ئاسانترین ڕێگا یاریەکەم لێ بباتەوە، دەمتوانی ڕێگە نەدەم پلانەکەی سەربگرێ بەڵام وام نەکرد، ئاخر من کاتێک لە بەردەمی چارەنوسسازترین بڕیاری ژیانم دابووم ئاسانترین ڕێگەم هەڵبژارد، هەنوکە چۆن ڕێگری بکەم لە بەهەست کە ئەم ڕێگایە ئاسانە دڵخۆشی دەکات، جوڵەم بە ئەسپی لای چەپ کرد بۆ دواوە. منێک کە ئاسانترین ڕێگام هەڵبژارد کە ژیانی تاڵ دەکردم ، گەر دەرفەتم بۆ بڕەخسابایە یەک هەنگاو یاری ژیانم بگەڕاندبایەوە دواوە ئێستا من براوەی یاری ژیان دەبووم، ماوەیەکی کەم بوو ببووم بە ئەمیر، شەوێکیان کچێیان نارد بۆم تاکو (نیکاح)ی لەگەڵ بکەم، فەرمانم کرد بیبەنە ژووری نوستنم با لەوێ چاوڕێم بێت، تاکو من چەند (عبوە)یەک دروست دەکەم، پێشتر هیچم لەسەر (عبوە)نە دەزانی لە شەش مانگی چەکداریم لە ناو داعش فێری دروستکردنی ببووم. کە گەرامەوە ژووری نوستن کاتژمێر لە دوازدە لایدابوو، کە

چومە ژورەوە کچێکی باڵا مام ناوەند بە پێوە ڕاوەستا بوو ، لە ترسان هەڵدەلەرزی، مینایی چۆلەکەیەکی تەڕی ژێر سواندە، چارشێوەکەی نوکی تیژی برۆکانی شاردبوویەوە، بڕژانگە زەردە تاڵ تاڵەکانی بە قەسەڵی بە جێماوی سەر ئەرز دەچوون.

چارشێوەکەم لە سەر دەموو چاوی لابرد، کەمێک تاسام دوو هەنگاو گەڕامەوە دواوە، کچێکە تەمەنی لە سێزدە ساڵ تێپەر ناکا، دەم و چاوێکی زەرد هەڵگەڕاو، چەند وردە شڵییەک لەم بەر و لەو بەری لوتی هەیە، کە بە وردی لێم دەنواڕی گەندە مووەکانی سەر روخساریم بە باشی دەبینی. گەڕامەوە پێشەوە و بە هێمنێ لێی چوومە پێش، ترس هەموو گیانی داگرتبوو، بە نەرمی ماچێکم لە نێو چاوانی کرد، گوێم لە دەنگی ماچەکەم بوو وەک دەنگی تکانی دڵۆپە ئاوی بەلۆعەیەک کە لە بێدەنگی شەودا بتکێتە سەر زەوی وابوو . حەزم دەکرد دوبارە گەنج ببوومایەوە کەوتبامە خۆشەویستی لە گەڵی، بەڵام کوا تەمەن هەڵدەگەڕێتەوە. دەستم بەسەر شانەکانی دا شۆر کردەوە و گوتم: مەترسە هیچت لێ ناکەم، ناوت چیە؟

ئاهێک بەگیانی داهات لێ لە جەنگەڵستانێکی ئاوا کێ دەتوانێت ترس لە گیانی دورکاتەوە.

گوتی : سورەیە.

ماوەی مانگێک شەوانە دوای بەجێ هێنانی ئەرکەکانم لە ژوورەکەم لە گەڵ سورەیە بەیەکەوە دەبووین، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەکەوتمە خۆشەویستی سورەیە، هەستم بەوە دەکرد ئەویش وردە وردە منی خۆشدەوێت ئەمما خۆشەویستیەکەی سورەیە جیاواز بوو، خۆشەویستی کچێک بوو بۆ باوکی، شەوانە یاری بە ڕیشم دەکرد، ڕیشم ببووە بوکەڵە بە جێماوەکەی لە شەنگال، کە دەستی بە ڕیشم دادەهێنا بوکەڵە بارییەکەی خۆی دەکەوتەوە یاد کە دەیەوێت پرچی کەزی بکات.

ـ مامە پیرە ، نۆبەتی تۆیە.

بەهەست جوڵەی سێیەمی خۆی کردبوو، چاوەڕێی من بوو، وەزیرەکەی چوار خانە بۆ پێشەوە جوڵاندبوو. منیش جوڵەی چوارەمی خۆمم کرد و ئەسپەکەم گەڕاندەوە شوێنی بەر لە جوڵەی، هەروەکو جوڵەی سێیەمم، بەڵام ئەمجارە ئەسپی لایی ڕاستم گەڕاندەوە، یاریەکەم هێناوە خاڵی سەرتا، دوای هەڵاتنم لە ناو داعش گەڕانەوەم بۆ خاڵی سەرەتا ببوو بە ئاواتم. گەر بم توانیبایە ئەوکاتەی سورەیەیان بۆم هێنا تا (نیکاح)ی لە گەڵ بکەم، ئەوکات هەموو شتەکانم دەگەڕاندەوە خاڵی سەرەتا، ئەم عیشقەش نەدەبووە بەڵای سەرم، وەها گیرۆدەی خۆشەویستی کچێک نەدەبووم، تەنیا خەیاڵەکانی حۆری بەهەشت بەس دەبوون بۆ ئەوەی بجەنگم بۆ پلەی شەهید بوون. دوایی مانگێگ شەوێکیان کە لە چاندنی

(عەبوە) گەڕامەوە، دەرگایی ژورەکەمم کردەوە، هیچ شتێک لە شوێنی خۆی نەمابوو، وەک ڕۆژانی پێشوو سورەیە بەرە و ڕووم نەهات، هەر لە ژوورەکەش نەمابوو، شڵەژام و ڕام کردە دەرەوە شێتانە پرسیارم دەکرد، تا ئەو ساتەی گوتیان بە فەرمانی والی سورەیەیان بردووە بۆ ئەمیرێکی تر، کچێکی تر بۆ من دەنێرن تا (نیکاح)ی لە گەڵ بکەم، ئەو شەوە گەڕام و تا شوێنی ئەو ئەمیرەم دۆزیەوە کە سورەیەیان بۆ بردبوو، پێدەچوو هێشتا نەگەرابێتەوە ژووری نوستنی یاخود دوای ئەوەی خۆی لێ بەتاڵ کردووە، ژوورەکەی جێ هێشتبێت، بە پەنجەرە چوومە ژوورەوە و لە دواوە بە دەستی چەپ دەمی سورەیەم گرت، ڕوومەتم بە سەری وەنا و ڕیشم بەسەر شانی شۆر کردەوە، لە ترسان نەی دەتوانی بم ناسێتەوە، چەند خولەکێک بیرم لەوە کردەوە چیبکەم، سورەیە هەڵبگرم و بڕۆم یانیش لێی بگەڕێم ئەو کچەی کە عاشقی بووم کەسێکی تر شەوانە لە پێخەفی خۆی بی خەوێنێ، دوای کەمێک دڕدۆنگیم نەماو بیرم لە ڕێگایەکی ئاسان کردەوە، کە نەتوانین بەیەکەوە هەڵبێین و ئاشکرا بین، دواتریش بکەوینە ژێر ئەشکەنجە بێ بەزەیەکانی داعش وا باشترە هەر تەنیا خۆم هەڵبێم بەبیانووی چاندنی چەند عەبووەیەکی تر لە سنور نزیک ببمەوە و دواتر هەڵبێم کە لە کۆتایی دا وام کرد، وە هەروەها سورەیەش ڕزگار بکەم لە ژێر ڕکێفیان.


دەستم برد بۆ چەقۆییەکەم کە لە ژێر بەنە خوێنەکەم بەستبوو، بەدەستی ڕاستم ڕام کێشا و لە کیفەکەی هاتە دەر، چاوەکانم چوقاند و سەری خۆمم کشاندە دواوە جارێک بەخێرای لە ملی سورەیەم خشاند، فیچقەی خوێنی پرژایە سەر دەستم.

- کش و مات.

دەنگە پڕ لە پێکەنینەکەی بەهەست بوو، کش و مات ..کش و مات.

بەهەست جوڵەی چوارەمی کرد و بە وەزیری ڕەش لە سەربازی بەردەم فیلی سپی دا، یاریەکە کۆتایی هات.

* جێگر بەختیار



## «پاک لە پاک»

ئەگەر برێـک تونـدتر ڕۆیشـتبوایەم فریـای شـەمەندەفەرەکەم دەکەوتـم. بەس سـێ چـرکە هەڵاتبـوایەم ناچـار نەبـووم دە دەقەی دیـکە چـاوەڕوانی شـەمەندفەری دواتـر بـم. بەڵام ئەگەر خـۆم گەیانـدبوایەتە ئەو شـەمەندەفەرەی ڕۆیشـت، نەم دەتـوانی ئەم چیـرۆکە بنووسـم. لەبەر ئەوەی ئێـواران شـەمەندەفەرەکان زۆر قەرەبـاڵن و، منـیش هەردووک دەسـتم گیرابـوو و نەمـدەتوانی وەک ئێسـتا کە لە سـەر کورسـیی چـاوەڕوانیی وێسـتگە دانیشـتووم، دانیشـم و شـتەکانم دانـێم و تایـپ بـکەم. چیـرۆکەکە لە ڕاسـتی دا بەمشـێوەیەیە: بیـرۆکەی نووسـینی چیـرۆکێکم بە زەیـن گەیشـتووە کە بەتەمـابووم ئەگەر نووسـیم، کۆمەڵێـک شـتی بـێ پێوەنـد بگێـڕمەوە و لە کۆتـایی دا بڵـێم: "مەرج نیـیە هەمـوو چیرۆکێـک ڕووداوێکـی تـایبەتی تێـدا ڕووبدات یان شتێکی سەرنج ڕاکێشی تێدا بگێڕدرێتەوە."

ئەها شەمەندەفەرەکەی دیکە هات.

سواربووم.

زۆر سەیرە ئەم ئێوارێیە جێی خاڵی بۆ دانیشتن زۆرە.

دانیشتووم و نازانم چۆن کۆتایی بەم چیرۆکە بێنم؟

دووسـێ وێسـتگەی دیـکە دەگەمە جـێ و دەبـێ دابەزم. تـازە فریـای پاسـەکەش نـاکەوم و دەبـێ بە پێیـان بـڕۆمەوە مـاڵێ. بە پـاس دوو دەقەم پـێ دەچـێ، بەڵام بەپێیـان دە دەقە. تـاقەتم نیـیە بیست دەقە دانیشـم و چـاوەڕوانی هـاتنی پاسـێکی دیـکە بـم. دە دەقە بە پێیـان دەڕۆم و، ئەوە دەدەقەیەش کەوا بـۆ نووسـینی ئەم چیرۆکە لە شەمەندەفەرەکەی دواخستم، بۆ خۆم دەکڕمەوە.

❊ ناسر فەتحی



## «ئەم وێنانە...»

دەمهەوێ هاوکات ئەوەی دەیبینم بینووسم، ڕەنگە چیرۆک یا سەرتر لە چیرۆکی لێ دەربچێ، ڕەنگ بێ نەیشچێتە خانەی چیرۆکەوە و لە هیچ شێوازێکیشا جێگای نەبێتەوە. ئاوا دەڕۆمە پێشەوە؛ لە پشت چاویلکە زلە ڕووناکەکانیەوە کە چاوی لە ئەندازەی ڕاستەقینەی خۆی گەورەتر پیشان دەدا، یا لە ژێرەوەی چاویلکەکەیەوە، سەیری قاقەزەکانی بەردەستی دەکات.

لەمەیانا، دەستی خستۆتە ژێر چەناکەیەوە و خەیاڵێکی قووڵ نوقمی کردووە، نازانم ڕەنگ بێ کەسێکیش خەریکی قسەکردن بێ و ئەم گوێی لێ گرتبێت بەڵام ئەو کەسەی گوێی لێ گرتووە لەم گۆشەنیگایەوە لە لای من دەرنەکەوتووە، دڵنیام لای ئێوەیش دەرناکەوێت. لەمەی تردا، دەستی لە ژێر چەناکەی لابردووە، وا دیارە لە شتێک قەڵس بووە، قامکی گەورە و قامکی ئاماژەی پێکەوە نووساندووە وەک بیهەوێ بە وردی باسی بابەتێکی گرینگ بکات. لەمەی تریشدا دەمی تا نیووە کردۆتەوە و هەر پێنج پەنجەکەی قووچاندووە و بە شێوەی مستەکۆڵە لە بەردەمیدا گرتوویەتی. لە دەوریەکەی بەردەمیا توێکڵە خەیارێکی زۆر هەڵدراوەتۆ وا دیارە لە نێو میوەکانا تەنیا حەزی بۆ لای خەیار دەچێت. بەڵام نا ئەوە لەم دانەیەدا سێفێکیشی بە دستەوە گرتووە و خەریکە پێستەکەی دەگرتەوە. لێرەیشدا قامکی ئاماژەی بەرەو ڕوو گرتووە، لە هەڕەشەیش ناچێت، نە گومان ناکەم، چونکا قەت نەمانبیستووە بە خراپی ناوی کەسێک ببات، ماومەتەوە ئاخۆ قەت وشەی ناحەز لە دەمی دەرهاتووە یا نە، چونکا زۆر کەسایەتییەکی هێمن و لە سەرەخۆ و ڕێزگری هەیە ئا لێرەدا هەرچی دەگەڕێم نایدۆزمەوە پێم وابێ لە نێو چیرۆکەکەمدا ون بووە، لەوەیش دەچێ لەم گۆشە نیگایەوە دەرنەکەوتبێت، دەڕۆمە سەر وێنەیەکیتر! ئەها ئەوەسا دیتمەوە لێرەیە وا لە منەوە دیارە؛ پێنووسێکی بە دەستەوەیە و خەریکە شتێک دەنووسێت،

بەڵام من چۆن بزانم چی دەنووسێت؟ خۆ لێرەوە دیار نییە...ئەم ئاخر وێنەیەیش دانلۆد دەکەم، کۆمەڵێک کەس دەبینم لە دەوری مێزێکدا کۆبوونەتەوە و بە نووسراوەکەی ژوور سەریانەوە دیارە باسی شانۆنامەی کوردی دەکەن. ئەرێ نازانم لە وێنەکانی پێشوویشدا هەر ئەو کۆمەڵە کەسەی لێ بوو یا من تەنیا ئەوم بینی. بە ئەکید تۆی خوێنەر ئەو پرسیارەت بۆ دێتە پێش کە ئەو کێیە؟ ئەو مامۆستای شانۆیە و لە ڕێگەی دوورەوە وانەمان پێ دەڵێت. ئێستا تۆ ناوی ئەم نووسراوەی من دەنێی چی؟ پێت وایە دەچێتە خانەی سەرتر لە چیرۆکەوە؟ من کە دەڵێم وەسفێک زیاتر هیچ نەبوو...

*شەرمین ساڵحی





📷アツシ

## «نەخۆشی ناوە گەورەکان!»


شـــیاوی ئەوەیە ســـوپاســـی چکبوونی خەیاڵدانم بکەم، ئەگەر خەیاڵدانم وەک پێشـــتر پڕ لە ڕووداو و وشـــەبووایە، ئەگەری ئەوە هەبوو، ئەو ڕێگە ئاســـانە نەدۆزمەوە.

ماوەیەک لەمەوبەر خەیاڵدانم چکی کرد، هەرچیم دەکرد نەمـدەتوانی خەیـاڵی چیرۆکێـک داڕێژم، وردە وردە هەر بە تەواوی پەکی دەکەوت. خەریـک بوو لە داخان ئـاوەز لە دەســـت بدەم، خۆم لە ژوورێکی تاریک حەپس دەکرد، گڵۆپەکانم دەکوژانـدنەوە، مۆمێکم دادەگیرســـانـد، بەرانبەر پەڕاوەکەم داڵغەم لێ دەدا، بەڵام سوودی نەبوو! بیستبووم قاوە کاریگەری لە ســـەر هۆشـــیار کردنەوە و وروژاندنی خانەکانی مێشـــک هەیە، پارەیەکی زۆرم بە هەدەردا و بـاشـــترین ئـامێری قـاوە دروســـت کردنم کڕی، شـــەوانە تـا درەنـگـانـێـک بە دەم فـڕکـردنی کوپە قـاوەکـانەوە بە دەم داڵغەی نووســـینەوە ژوورەکە لە پێشچاومدا تەنگتر دەبووەوە، بـێـســـــــوودبــوو، بە قســـەی هـاوڕێ نووســـەرەکانم پەلاماری باشـــترین جۆری ئەلکهولم دا، بەڵام جگە لە ســـووتاندنی گەدەم سوودێکی دیکەم لێی نەبینی!

لە نێو هاوڕێیان تووشـــی شـــەرمێکی لە ڕادەبەدەر دەبووم، کاتێک ئەوان باســـی نووســـینە نوێیەکانی خۆیان دەکرد، منیش دەبووایە، ســـەر لە بەر خۆم بنێم و بڵێم: خەریکی ڕۆمـانێکم، بەڵام کـاری زۆری دەوێ! نیگا تیژەکانی هاوڕێ چوختیەکانم وەک ئەوە وابوو پێم بڵێن: عەکە لە قوڕێت نێین، درۆ دەردی سەی ئەگەر وابی! بەڵام لە بەر هەر هۆکـارێـک بێـت ئەوەیـان نەدەگوت، بەڵکو دەیـانگوت: بە وردی کـاری تێدا بکە، ئێمە چاوەڕێین! خەنـدە مانادارەکانیان وەک ئەوە وابوو بە بزمار مێشکم بکوتن!

ڕۆژێک بیرۆکەیەکم بۆ هات، یەکێک لە نووســـینە کۆنەکانم هێنایەوە بەردەســـت، نووسینێک بوو پێشتر لە کاتی زەنگینی خەیـاڵـدانمـدا پێم شـــەرم بوو بڵاوی بکەمەوە، هێنام هەندێک ئارایشـــتم بۆ کرد و بڵاومکردەوە، بینیم کـاریگەری خۆی هەبوو، دڵنیابووم ئەو کاریگەریەی هی ئەو فێڵەبووە، کە لە کاتی ئارایشـتدا بە کـارم هـێـنـابـوو، ئەویش ئەوەبوو: ڕووخســـاری چیرۆکەکەمم بە ناوی چەند فەیلەســـوفێک ڕازاندەوە، بۆنمونە ناوی ئەو کاراکتەرەی، کە پێشـــتر ناوی حاجی (عەولاشـــەلە) بوو کردە پلاتۆ، ئەمجار لە جێی ئەوەی ڕۆژانە عـارەبانە ڕاکێشـــێ، هێنـامە پشـــتی مێزێکەوە و کردمە نووســـەری قســـە قەڵەوەکان، بەم بۆنەیەوە چەنـد ڕســـتەی قەبەم لە زاری کاراکتەرەکەمەوە دەرکرد! بینیم یاریەکە زۆر ئاســـانە و بە بەرهەمە، بە ڕادەیەک ئەمجارە پێویســـتم بەوە نەبوو چەندین ڕووداو بخەمە بەردەمی ئەو عارەبانە چیە

داماوەوە، بەڵکو لە جێی ئەوە هاتم چەند ناوێکی قەبەی دیکەم هێنایە سەر مێزی کاراکتەرەکەم، بۆ نمونە ئەو قبەرەی کارمەندی شارەوانی بوو، دەبوو ڕۆژێک لە لەفەخانەیەکی پیسی گەڕەکێکی هەژارنشین تووشی عەولا شەل ببێت و چیرۆکی ژیانی پەلکێشی نێو چەند ڕووداوێکی سەمەرە بکات، کە کاریگەری بە سەر باقی ژیانیدا هەبێ، ئەمجارە قەمبەرم هێنایە سەر کورسیەکەی بەرانبەر حاجی عەولا و ناوم لێنا ئەرستۆ تالیس دەبوو بکەوێتە نێو گفتوگۆیەک لەگەڵ عەولاشەلە ببورن پلاتۆ دەڵێم، کارەکە زۆر ئاسانتربوو لەوەی تێی گەیشتبووم، سەرو گوێی چەند قسەیەکی فەیلەسوفێکم شکاند و کردمە قسەی پلاتۆ، دواتر هی یەکی دیکە بۆ قسەی قەمبەر، دوای ئەوەی چیرۆکەکەم بڵاوکردەوە، بینیم ئەو ناوانە کاریگەری خۆیان کردوە، خوێنەرێکی زۆرم بە دەست هێنا، لە گەڵئەوەشدا یاریەکە زۆر ئاسانبوو، بەڵێ هاوڕێیان یاریەکە لەوە ئاسانترە، کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە، دەی تاقی بکەنەوە بزانن چۆنە.



دوای ئەو ئەزمونەم شتێکم بۆ دەرکەوت، ئەویش ئەوەبوو لێرە ڕێگەی ئاسانتر هەیە بۆ گەورەبوون، لە کاتێکدا پێشتر ڕێگەی زۆر سەختم گرتبووە بەر! دەبوو لە چیرۆکەکانمدا ئەوەی دەمەوێ نەیڵێم، بەڵکو بیکەم بە وێنە و ڕووداو و پیشانی بدەم، ئەوەش زۆر ماندووی دەکردم، چونکە پێویستی بە خەیاڵێکی فراوان هەبوو، لە گەڵ سەلیقەیەکی وردی چنینی گرێچنەکە بە شێوەیەک ڕووداوەکان بە پێی نەخشەیەکی وردی داڕشتەی پلۆتەکەم بچنم، بەڵام ئێستا ئەو کارە بۆم ئاسانتر بووە، هەرئەوەندە ناوی (خەمۆ)م گۆڕی بۆ (فۆکۆ) شتەکانی دیکە ئاسانتر خۆ دەدەن بە دەستەوە بۆ نمونە خوێنەران، جاری وایە ڕستەی وا لە زاری یەکێک لەو کاراکتەرانەوە دەنووسم خۆشم نازانم مانای چیە، بەڵام دەبینم خوێنەران و ڕەخنەگران سەر ڕادەوەشێنن و حیکمەت دەدەنە پاڵ قسەکە! منیش لەبەر خۆمەوە پێدەکەنم بەو حیکمەتەی خۆم ئاگام لێی نەبووە، یاریەکە بە شێوەیەک سەرنجڕاکێش بوو ڕۆژبەڕۆژ فێڵی

سەیرترم دەدۆزیەوە، بۆنمونە چەند چیرۆکێکم بە هەمان گرێچنەوە دەهێناو بە ناوی کاراکتەرە فەیلەسوفەکانمەوە دامدەڕشتەوە، بۆ نمونە جارێکیان گرێچنی بەدگۆڕانی کافکام بۆ چەند چیرۆکێکم بە کارهێنا، بەڵام لەبەر ئەوەی بیرم نەچووبوو ناوی کاراکتەرەکانم بە وریایی هەڵبژێرم و فەیلەسوفان بێنمە سەر خوان، بینیم کەسێک بە دەنگ نەهات بڵێ ئەرێ کاکە ئەوە چیە تۆ چەند چیرۆکە هەر خەریکی بەدگۆڕانەکەی گریگۆر سامسامان بۆ دەگێڕیەوە، بەڵکو هەر یەکەو دەهات و دەیگوت: بە خوا قووڵ دەنووسیٚ! دەیانگوت: نانا

مەبەستێک لە پشتی ئەو چیرۆکانەوە هەیە لەوانەیە ئێمە تێیان نەگەین، ئەوەتا ئەو کابرایە فەلسەفەی ئەو هەمووە فەیلەسوفەی خوێندۆتەوە! هەستم کرد کاریزمای ناوە قەبەکان لە گۆڕەپانەکەدا کاری خۆی کرد، بۆیە بە خۆشحاڵیەوە بەردەوام بووم، جارجارێکیش بۆ ئەوەی دڵی چیرۆکنووسانیش بلەرزێنم و بە ئاماژەیەک تێیان بگەیەنم، کە من زۆر لە چیرۆک شارەزام، دەهاتم ناوی چیرۆکنووسە جیهانیە ناسراوەکانم دەهێنایە نێو یاریەکەوە، بەو تەکنیکە کارێزمیە دەمی ئەوانیشم داخست و بوومە کەڵەگای گۆڕەپانەکە، حەزی ئەو یاریەم بە جۆرێک زیادی کرد وام لێ هاتبوو، لە کتێبە فەلسەفی و ئەدەبیەکاندا دەگەڕام، تەنیا بۆ ئەوەی بتوانم ناوی قەبەتر بۆ کاراکتەرەکانم دۆزمەوە، ڕۆژانە کتێبەکانم دەخوێندنەوە و ناوەکانم دەکردنە چیرۆک، ئەوە نهێنی سەرکەوتنی خۆمم بۆتان باس کرد، جا ئێوەش بە قسەی من دەکەن بۆ ئەوەی ببنە چیرۆکنووسێکی سەرکەوتو یان نا ئەوە بە دڵی خۆتان بکەن، ببورن ناوی خۆمم پێ نەگوتن من (فۆکۆیاما)م عەفو (عەولا)م بەڵێ عەولاشەلەی بە قالم، بەڵام چیرۆکنووسەکە ئەو ئیشە تازەیەی بۆم دۆزیوەتەوە، بۆیە ناوەکەشم گۆڕاوە، لێرە پێویستە (کۆتایی) پێ بێنم.

* دابان عەتار

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگرامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەموکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەموکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاڕاگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌̆◌̄ ◌̄ ◌́◌́ ◌̄,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = *]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "ھ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!



# چیرۆکی میوان

**«دیوار»**

پەردەکە لادەدا و چاو لە دەرێ دەکا. لە ژێر ڕۆشنایی چرای دارچرابرقەکەوە چاوی لێیەتی. بە دەور تا دەوری کوچەکەدا چاو دەگێڕێ و ئسپرەیەک دەردێنێ و دەست دەکا بە نووسین.

نوختەی دووهەمی "ت" کەی دانەنابوو کە بە چەند کەسەوە ڕپێی دەکەون.

دێتە خوارێ، دەرگای حەسار دەکاتەوە و ڕووبەڕووی دیوارەکە ڕاوەدەستێ، نوختەی "ت" کە دادەنێ و بێدەنگ و لەسەرەخۆ سەیری هەراهەرا و ڕپێنانەکە دەکا.

"سەگباب هیچ دیوارێکی ئەو گەڕەکەی نەهێشتووە."

بۆ دوایین جار و پێش ئەوەیکە بچێتەوە ژوورێ نووسراوەی سەر دیوارەکە دەخوێنێتەوە:

"تۆ قیامەتی"

**٭ هێمن عەبدوڵاپوور**



## «پشکێک لە بەرخۆدانی (عەفرین)»

ئەمشەویش پیاوەکە، وەک دوو مانگی ڕابوردوو، لە قەڵەمدانی پەنای لەپتابەکەیدا قەڵەمێکی دەرهێنا و لەسەر دەفتەرە چوارگۆشە بچووکەکەی بەردەمی نووسی: "ئەمڕۆ دوای دوومانگ بەرخۆدان، بەداخەوە عەفرین داگیر کرا!" پاشان پەڕەکەی لێ کردەوە و بەرلەوەی بە دیوارە لووسەکەی پەنایدا بیچەسپێنێ، دووبارە خوێندییەوە و عەفرینی خستە ناو کەوانەوە. دواتر هەر لەپشت مێزەکەی مایەوە و دیسان چووەوە ناو کاناڵە تێلێگرامییە پەیوەندیدارەکان بە شەڕی عەفرینەوە و بە بێوازی، سەروخواری پێکردن.

لەمێژ بوو دەیویست چیرۆکێک سەبارەت بە کارەساتباریی وەزعی عەفرین و بارووداۆخی دڵتەزێنی دانیشتووانی بنووسێت، کەچی ئەمشەویش وەک شەوانی پێشوو، دوای دوو کاتژمێر هەڵخڕاندنی گۆپکەی مەوسەکەی، دووبارە هاتەوە سەر شوێنی یەکەم و تەنها بەو دێڕە نووسینە قەناعەتی کرد.

بۆئەوەی بڕوا بخەوێ هیچ پەلەی نەکرد. خەواندنی منداڵەکان کاتژمێرێ دەخایەنێت. بەدڵنیاییەوە بەدری، بەرلەوەی بە تەنهایی خۆی بخزێنێتە ناو جێوبانەکەیەوە، ئەمشەویش دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە و هەر لەوێوە دەڵێ: "منداڵەکان نووستن، ئەی کەی دێی بخەوین؟!"

پیاوەکە چاوەڕوانی بەدری بوو. سەرلەبەری شەو گوێی بۆ ڕەقەی دەرگای وەتاغەکەی هەڵخستبوو. ئێستا ئیتر لەپتابەکەی کوژاندەوە. چاوێکی بە کاغەزەکانی قەد دیوارەکەدا گێڕا: ڕیزبەندییەکی لارولەوێر. (عەفرین)ەکان دەیان گلێنە بوون لە هەرێمی کەوانەکاندا. هەر پارچەکاغەز بوو شانی لەوەی پەنای گیراندبوو و دەتوت بۆ گەڕیانێ باسکیان لێکهاڵاندووە. لەسەر تەوێڵی گاوانییەکە نووسرابوو:" ئەمڕۆ دوای دوومانگ بەرخۆدان، بەداخەوە عەفرین داگیر کرا!"

ئیتر بەرەبەرە کاتی دەرکەوتنی بەدری دەگات؛ دەونیو تا یازدەی شەو. ئێستا کاتژمێر دەونیوە. دەرگاکە دەکرێتەوە. لەبەر دووکەڵە جگەرەی ناو وەتاغەکە، بەدری سێ چوارجار پێڵووی دەترووکێنێ و بە ئەسپایی کۆکەیەک دەکات. پاشان هەمان ڕستەی شەوانی ڕابوردوو دەڵێتەوە:" منداڵەکان نووستن، ئەی کەی دێی بخەوین؟!"

ئەگەر بێتوو ئەمشەویش وەک شەوانی پێشوو وەڵام وەرنەگرێتەوە، ڕەنگە ئەمجارەش هیوابڕاو نەبێ و دووبارە پێ بنێتە وەتاغەکەتەوە. بەرەو پەردەی پەنجەرەکە بڕوا و کەمێک ڕێکوپێکی بکات. پاشان بەرەولات بێ و سنگی بنێ بە شانتەوە. گۆنای لە ڕوومەتت بخشێنێ و مەوسەکەت لەدەست دەربێنێت.

کاتژمێر یازدەو نیوی شەوە. لەپتابەکەت هەڵکردۆتەوە و چوویتەوە ناو کاناڵە تێلێگرامییە پەیوەندیدارەکان بە شەڕی عەفرین و خەریکی سەروخواریان پێدەکەیت. لەمێژە منداڵەکان نووستوون و بەدری دەرگاکەی نەکردۆتەوە. سەیرێکی کاغەزەکانی قەد دیوارەکە دەکەیت. دەتەوێ لە بەرخۆدانی عەفریندا پشکێکت هەبێ. دەتەوێ چیرۆکێک بنووسێ بارتەقای بەرخۆدانی (عەفرین). ئاو بێستێ گۆپکە خڕەکەی مەوسەکەی ناودەستت ناوێستێت.

بەدری دەرگاکەی نەکردەوە.

کاتژمێر دوازدەی شەوە.

بەدری دەرگاکەی نەکردەوە.

کاتژمێر دوازدەونیوی شەوە.

ئەرێ بەدری بۆ دەرگاکەی نەکردەوە؟!

* ڕزگار لوتفی



## «سۆزا دایکا من»

ما ژبیر کرن چەند بزەحمەتە!

ژ زارۆکینییێ وەرە هەرگاڤا ئەز ئێشـــابام یان برینەک بچووک چێببا، دایکا من دگۆت: (چ نینە، ئەگەر بوویە زاڤا دێ ژبیرکەی!). رۆژەکێ من دەســـتێ خوە ب ســـۆپا دارا ڤەکر، تبلا شـــەهادێ و تبلا ناڤێ هەردوو داغ بوون دایکا من گۆت: (چ نینە کوڕێ من، ئەگەر بوویە زاڤا دێ ژبیرکەی). جارەکا دی د پێسترێ دا کەفتم و دەستێ من خەلیا، دیسان وەگۆت.

من تبلا خوە ب شەفرێ بڕی هەر گۆت(چ نینە، ئەگەر بوویە زاڤا دێ ژبیرکەی).

سەرێ من شکەست، د کەری دا کەفتم، کەڤا سابینێ چوو چاڤێن من، زرکێتکێ بمن ڤەدا، برایێ من یێ مەزن ئەز قوتام... هەر گۆت: (چ نینە، ئەگەر بوویە زاڤا دێ ژبیرکەی).

ئەو رۆژا دوعایێت دوژمنا قەبیل بووین و یێت دایبابا بەتال بووین، ئەو رۆژا چ جارا هندی وێ ڕۆژێ دلێ من پرت پرت نەبووی، ئەو رۆژا ئەز د تەرازوویا تەدا ســـڤک بوویم و تە گەردەنا ئەڤینا مە ب ســـویچێ ترومبێلێ ڤە هەلاویســـتی، ئەز هاتم مال هەر پرتەکا من مـابوو ل جهەکێ، دایکـا من هەر کر و گۆت.. کر و گۆت چ ئـاخفتن ژمن چێنەکرن، زانی ئەزیێ دلبریندارم لەوما ل دوماهیێ جارەک دی گۆت:

(چ نینە کوڕێ من،ئەگەر بوویە زاڤا دێ ژبیر کەی!)

ها نوکە پرتەکا من یا بێهەســـت یا د ژوورا ژمارە ١٠٧ ڤە ل بلندترین هۆتێلا باژاری و ئەزێ ڤێ تێکســـتێ دنڤیســـم، ئەو رۆژە یا ئەز لهیڤی هەمی تشـــتا ژبیرکەم، ژبەرکو ئەڤە ســـۆزا دایکا منە. ئەوا برەخ منڤە ژی ئەز نزانم کا ئەوژی وەکی من پرتەکە یان هەموویا خوەیە دگەل من.

...و من چ تشـــت ژبیر نەکرن، بەلکوو بتنێ ئەو تشـــتێن ئەز ئێشـــاندیم یێ ل بیرا من و هەموو تشتێ دی یێ ژبیرا من برین و ئەو ئێش و برین هەر مانەڤە هەڤپشکن من.

* ئەڤراز عەبدولکەریم

## «خەیاڵ»

هیچ دەردێک کوتوپڕی نیە، ڕاســـتە دەتوانیّ لە ناکاو دەرکەویّ بەڵام، ماوەیێکی دەوێت بۆ ئەوەی خۆی گەورە کات .

تا ســـاڵ تێدەپەڕی تەنیاتر دەبوو ئێســـتا بەتەواوی کەس بە دەوریەوە نەمابوو ، بەڵام لەم ساڵانەدا خۆی لە یاد نەکردبوو ،جاری وایە مرۆڤ نامۆ دەبێت بەڵام، ئەم ئێستاکەش خۆی دەناسیەوە دەیزانی چ کەسایەتییێکی هەیە . ژیانی بووەتە بەش و هەر کام وەک بازنەیێک وان کە هیچ پەیوەندییێکیان بەیەکەوە نیە.

دەســـتی لە گەرانی شـــەقام و کۆڵانەکان ڕاگرتبوو ، دەترســـا ، لە هەورەکان ، باران و "با" ،مرۆڤەکان لەبەر چاوی بەشـــێوەی چوارگۆشـــیان لیّ دەردەهات دەنگیەکان دەبڕان و جاری وابوو تەنیا قرچە قرچێکیان لێوە دەهات ،

لە نێوەڕاستی شـوسـتەکە ڕادەوەسـتا بەشـێوەیێکی پەشـۆکاو خەیاڵ و ڕاسـتیەکانی لیّ وندەبوو ، بیری دەکردەوە بیر لە هەنگاوەکانی لە ڕێگاییێک کە هاتووە بە خۆی دەوت کە ئەم هەنگاوانەی وا هەڵی گرتە هەڵەبووە یان نا!؟

وەک منداڵێک کەچۆن گڕوو دەگرێت ، بیری ماڵەوەی دەکرد دەبیّ بگەڕێتەوە ، نا، ناتوانیّ لێرە بمێنێت.

باشتر لە هەمووی ئەوە بچێتەوە بۆ ماڵەوە سەرینێک خاتە ژێر سەری و چاو لە هەواڵکان بکات.

ڕاستیەکان لێرن.

کاک ... ڕۆژنامە نووس، لە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی سکایپ لە پاریس لەگەڵمانە.

❋ زانا شەریفیان



## «دەستەمۆ»

لە گوێسەوانەی ساختومانەکە وەستاوم وبو بەرجەوەند شار ئەڕوانم. ماشێنەکان لەسەر شەقامەکان جاوەرجا لە هاتووچوو دان. مرۆڤ لە سەر ئەم چەند نهۆمەوە چەندە ورد وبچوک دێتە بەر چاو! وەک شارە مێرولە وان، لە ناو یەکدا جووڵەیان دێ ولەگەڵ ماشێن و ژیانێکی ڕۆژمەڕەدا، تێک هەڵچوونیان پێوە دیارە.

شار چاوگەو دیمەن گۆڕستانێکم وە بیر دێنێ، لێوان لێو لە زیندووان: نەک زیندگ؛ بەڕواڵەت زیندگ..." زینگەچاڵ "!! چاوێک بەچوار دەورمدا ئەخشێنم.هەستێک لە ناخمدا ناجوڵێت. بە پێچەوانەوە، خۆم بەختەوەر دەزانم لەم گۆڕە چاڵە ڕزگارم ئەبێ. خۆم دەرباز ئەکەم، خەڵاس!!

ئێژم جگەرەێک داگیرسێنم وبیکەمە بان تەواو خەمەکانما. پێش ئەوەی خۆم ڕەها کەم بەرەو نادیار، سگارێک دائەگیرسێنم وبە تەواوی هێزمەوە مژی لێ ئەدەم. سگار گەش ئەبێتەوە. ئەوەندە گەش، تیرئەنازێک بێ دووربین، لەو دوورانەوە، ئەیپێکێ. نەختێ ئەکۆکم. چاوم حەنا ناکا بو ئەودوورانە بڕوانم. مژ لە سگار ئەدەم وبو دووکەڵەکەی ئەڕوانم. سۆک، سپی، مژاوی...! پەردەێکی لێڵ بەرچاوم ئەگرێ. حەزم لەم دیمەنەیە. بزەێک کاڵ ئەنیشێتە سەر لێومەوە، پڕڕەنگ ترئەبێتەوە؛ قاقا پێئەکەنم! بە دەستی خۆم نیە. ئەو لێڵاییە وەهماویە وەک سەماکار، دەستم ئەگرێ. سۆک وبێ کێش، لە بۆشاییکی لێڵ وبێ سەروبندا، خۆم ئەبینمەوە. هەموو شتێ لەوفەزایەدا، کەنینیە. بەدەستی خۆم نیە، جگە لە پێکەنین، هیچم لەدەست نایە.

پەسای پەس مژی لێ ئەدەم. ئەندێشەکان، توندتوند، لە مێشکمدا لەسەر هێڵێکەوە، دێن وتێئەپەڕن. هیچ بەهاێکیان پێ نادەم. با بێن وبچن! من هەر مژ لەو سگارە ئەدەم و ئەودووکەڵە سێحراویە، وڕ وکاسم ئەکا. چەنێ کەر بووم، خۆم لە سگار ئەپاراست؟!! ئێمە خۆ ڕۆژێ ئەبێ لە هەڵدێرێکەوە داکەوین! ئیتر... ئەفسوونی ئەودووکەڵەم. ئەو وەهمە وا زیاتر لە هەر ڕاستییێک خۆی ئەنەخشێنێ. من دائەکەوم وئەو سەرئەکەوێ.

تا دوامژ سگارەکە، ئەدەمە ناو سیەکانمەوە. نازانم چۆن لە ناخەوە کارم تێ ئەکا. بەڵام دووکەڵەکە سەرئەکەوێ. لێم دوور ئەبێتەوە. بیر بە مولوکولەکانی ئەکەمەوە. ئەبینم وەک شارە مێرولە،

ئەوانیش لە جموجووڵدان. ئەیانبینم. وەک چرکەساتەکانی گیانی ئەم شارە، لەسەر تەرمیانەوە، هەڵ ئەستن و لەناو ئەچن. بیرم لە مۆبایلەکەم بڕیوە. ئەبێ کامێراکەی هێشتا ڕۆشن بێ ولەم دیمەنانە وێنە هەڵ بگرێ. کۆرتەفیلمێکی ژیانمە وا ڕاستیە. بێ هیچ گزوگێچەڵێ. تەنیا ساتەکانی بەجێ ماو لە من وا دایدەنێم بو ئەوانەی پاش من لەم شارە ئەسووڕێنەوە. ڕەنگە کەس نەیبینێ. ڕەنگە کەس نەم ناسێتەوە! یان ببینن ودوای بە بیر هێنانەوەم، لە بیری کەن. بەم بیرانە بەها نادەم. من ئەبێ لەم گۆڕسانە وئەم ڕۆژمەڕەگیە، خۆم ڕزگارکەم. خۆشحاڵم. هەر خۆمم وقوتار. بێ ئەوەی شتێ لە دوام بەجێ بمێنێ. بێ هیچ پاش کەوتێ. باوکم هەمیشە ئەیژێ: " کەر کۆڵ وبار سۆک "! بۆیە خۆشحاڵم. سۆک هەر وەک دووکەڵەکەی سگارەکەم.سەر ئەکەوم. لەم گۆڕەچاڵە سەر ئەکەوم. نابمە هەور! دڵنیا بن نابمە هەور. نابمە باران، حەز بە بەفروتەرزەش ناکەم. خۆم لە بووشایی ئاسمانەکاندا، ون ئەکەم. ئەوەندە دوور ئەبمەوە، کەس نەتوانێ بملکێنێتە یەکەوە. وەک گۆشت قوربانی پەل پەل ئەبمەوە وهەر پەلێکم، کەس چۆزانێ، لە چ مەبالێکەوە سەر دەر ئەهێنێ!

دوا دووکەڵەکەی هەناسەم، سیحراوی هەڵ ئەکشێ وباڵا ئەکا و، کامێراکە هێشتا وێنە هەڵ ئەگرێ. باوکم ببینێ توورە ئەبێ وئەیژێ: " کوڕ من نیت" . بیری لێ ناکەمەوە. تەنانەت بیرلەو فیلمانە ناکەمەوە وا لە مێشکم دا بوونەتە بیرەوەری. یادنامەکانم بو چەند چرکەیێک لە پێش چاومەوە هاتن وتێپەڕین. هیچیان ئەوەندە بەرجستە نەبوون. هیچ هەستێکیان لە ناخمدا نەهەژاند. تەنیا یەک شت، لەو فیلمەدا وەک دوا خولیا، یان چۆزانم، پاڕانەوە، تومارم کردووە:

" بو سگارەکان وا بەدزیتەوە کێشام، لێم ببوورە باوکە. ئەزانم چەندە تووڕەی. بەڵام خۆت باش ئەزانی؛ من ئەو کوڕە ژیرە نیم. با باش بزانی، لە کیسم چوو، ڕۆژێ تۆش تێئەگەی...". لە یەکە یەکەی دۆستانم گەردن ئازایی ئەخوازم. زۆر نین. پێیانم نەوت. بەڵام ئەوان ئەزانن ئەم شارە جێی حەسانەوە نیە. ڕەنگە بزانن! ئەو کوڕەم لەبیر چوو. تەواو شەقامەکان وکۆڵانەکان گەڕام. سەر کانیەکان، پارکەکان وباخچەکان. نە لە دەرەوەی شار بوو، نە لە کتێبخانەکان و نە لە مەدرەسە! تەنانەت بەستەنی خانەکانیش چووم. کەس نەیدەناسی وهاوشێوەی ئەوکوڕە لەم شارە نەبوو. زۆر کەس ئەبینم وڕوژانە لە پاڵیانەوە تێئەپەڕم و، واهەست ئەکەم دیویانمە. بەڵام هیچکات، کەس شێوەی ئەو کوڕەی نەدەکرد. شێوەی ئاشکرا وڕوون لەبەر چاومە. فرمێسکەکانی، جلە خۆڵپاوەکەی لە هەرگ وسەنێر، پێڵاوەکانی... کولمەنی بەستەنیەکەی؛ بەخوا زۆر بە تام بوو.هیچمان پێ ناکرا.نامەرد، ئێمە هەرچی داوامان کرد

کەوچکێ بەستەنی بسوێتە سەر نانەکەوە، ئەوهەر بە درۆ کەوچکەکەی ئەژەندە کولمەنەکەوە و، ئێمەش لە خەیاڵدا، نانەکەمان ئەلستەوە...! مناڵ بووین. گەلەکۆمەمان لێکرد، خۆڵپاندمانەوە. کولمەنەکەم دزی وتا توانیم بەستەنیم خوارد.ئەوەندەم خوارد، سەرم تەزی. زیرە لە ددانەکانمەوە هەستا. وازم لێ هاورد وکولمەنەکەم، لە سەر کانیەکە، لە بەر خۆرەتاوەکەوە، لێژەودا. چاوم پێوە بوو.بەستەنیەکەی بەهەر دوو لەپ هەڵ ئەگۆزیە ناو کولمەنەکەوە. بەستەنی توا بووەوە و، بووبە شیر! چاوم پێوە بوو، جلەکانی قۆڕاوی، نیشتبووە ناو سەخۆڕ. بێ ئەوەی خۆی بشۆرێ، هەر بەو جلە پیسانەوە، بەرەنێسکی ئەدا و، تاێکی کەوشەکانی وا هێشتا لە قوڕاوی جوگەڵەکە چەقیبوو، بە جێ هێشت وهەر لەو شوستەوە، لە ئاوایی دەرچوو. مناڵەکان کەوتنە شوێنی. بەڵام من نەچووم. کاریان پێوە نەبوو وازیان لێ هێنا. من ئەوەندە بەستەنیم خواردبوو، هەتا دوو ڕۆژ خەوم بە چاڵە بەفرەو ئەبینی. لای باوکمەوە هیچم نەوت. هەر ئەوەندە وتم: سکم ئێشێ و، ئەویش وتی: " ژان بایە، بترە چاک ئەبیتەوە"! دایکم زانی.هیچی بو باوکم نەوت. ئەو تاکەوشە بە جێ ماوەی، دەرهاورد وجوان شوشتی وهەتا ئێستە، ئەو تا پێلاوە، لە ماڵمان ماوە...!

بە پێی کەس نەبوو. زور کۆڕی گەنج ولاوم تاقی کردەوە، بە پێی هیچ کامیان نەبوو. هەر پڕپای خۆمە! جێی سەرسووڕمانە، ئێستێش هەر پڕ پامە! لەوە زۆر دڵگرانم. حەسرەتی لە بان دڵمەوە ماوە. پەشیمانم!! لەو ساوە ئیتر ناتوانم بەستەنی بخۆم. زستان دێتەوە بیرم. خەو بە ڕچە ویەخەوە ئەبینم. خۆم لە جۆگەلەیێکی لیپاولیپ لە هەڕگ وسەخۆڕدا ئەبینمەوە، پایێکم هەتا ئەژنۆ چەقیوە وتا کەوشێ ها بە دەستمەوە وئەو کۆڕە خەرکە پێم ئەکەنێ. هاوار ئەکەم وکەس نایێتە فریامەوە. ئەو هەر پێم ئەکەنێ. ئەگریم. فرمێسک تێکەڵ چڵم ولیقاو، دێتە وار. پەلەوەرێک بە ئەنقەسە یان نەخافڵ، ئەفیرێنێتە سەرما وچۆڕاوە ئەکێشێتە سەرشانم. بۆنی بەستەنی ئەدات. زوانی پێدا تێرم، هەر هەمان تام...! دائەچڵەکم. باوەش بە لیفەکەدا ئەکەم و، بیردایکم ئەکەم!

ئەگەر بینیتان، بێژن: مناڵ بوو، نەیفامی. بەستەنیەکەش بە تام بوو، بەتایبەت لەو تاوسانەدا! نازانم، باوکم ببینێ، چی بێژێ؟ تا کۆتایی ئەیبینێ؟ تێئەگات چەندە لەم شارە بێزارم وناتوانم لە گۆڕستانی زیندوواندا، بسۆڕێمەوە...؟ یان بێزم لێ ئەکا وئیتر سەر خۆی هەڵئەگری وئەچێتە ڕیزی ئەو جەماوەرەوە وا ڕۆژانە، ئەفسووناوی، لە سەر شەقام وناو بازاڕ ونوسینگە وکەسب کارەکانیندا، ئەخولێنەوە...!! بیری پێ ناکەمەوە. تازە هیچ بەهایێک بەو مۆبایلە و، ئەو کورتە فیلمەیە نادەم. بۆم بایەخی نیە باوک

وادایکم چۆن بیرم پێ ئەکەنەو. هەر ئەوەندە خۆم دەرباز کەم بەسە...!

جگەرەیێک تر دائەگرسێنم. قووڵ مژی لێ ئەدەم. سگارەکە گەش ئەبێتەوە. دڵنیام ئەگەر تیرئەنازێک لەو دوورانەوە خۆی مەلاز دابێ، ئەم پێکێ. هەورێکی سپی خۆی ئەخەملێنێ ولە دەم ولوتمەوە، هەڵ ئەکشێ. خۆر لەو دوورانە، لە سەر ئەوکەژانەوە، تەیاری ئاوابوونە. دڵنیام ئەویش دوا هەناسەکانی ئەکێشێ.

تۆند نیگام ئەخشێنمە سەر شاردا. تاپۆیێکی لێڵ وتاریک لە شار، تابلۆیێکی دڵتەزێن وا هیچکات لامەوە هێندەی ئێستە، دڵڕفێن نەبووە، بەڵام کە پێم لە گوێی ئەم بانەوە بخزێ، ئێترحەسرەتی ئەوە لە سەر دڵمەوە نامێنێ.

دوا مژەکانی سگارەکە هەڵ ئەمژم. بۆ خۆراوا ئەڕوانم. لێڵ، ڕەش، خێناوی، تێکەڵاوی دووکەڵ وتۆز! خۆر خەریکە ئاوا ئەبێ. وادیارە گەرەکیە لە گەڵما ڕک بەرەکێ بکا. مژێکی قووڵ هەڵ ئەمژم ودووکەڵەکە لە سنگمدا، گیرئەدەم. چاو لە مۆبایلەکەم هەڵ ئەگرم وسەیر خۆرەکە ئەکەم و ئەژمێرم. وەک واشەیێک وا یەکەم جار ئەچێ بۆ ڕاو، لە جێی خۆم مەنەر ئەکەم و، نابەڵەد، هەردوو باڵم ئەکەمەوە و، خۆم بەر ئەدەم. ئێسلۆمۆشنێکی درێژ لە قات بەقاتی بیناکە، لە بەر چاومەوە سەر ئەکەوێ. هەر لەو بانەوە ئاوێزان وشندڵ ئەمێنمەوە. جەستەی خۆم ئەبینم لە سەر چیمەنتۆی پیادەڕێکەوە، سەرنج کەس بۆ خۆی ڕاناکێشێ. تێکەڵاوی کۆڕێک ژنە پەپوولە ئەبم وا لە خۆراواوە، هەڵ فڕیون. ئەبێ بچمە ڕیزیانەوە، چەند پەپوولەیێک دێنە پێشوازمەوە. سەیریان ئەکەم، چەندە سەیر وسەمەرەن؟ یەکیان دەستی نیە، یەکیان هەر دووقاچی پەڕیوە، یەکیان کۆنێک لەسەر سنگیە و، ئەم دیوئەو دیوی پێمەوە دیارە. یەکیان پەل پەلە و وهەر پەلێکی، لە باخەڵ پەپوولەیێک دایە! یەکیان منداڵێکی لە باوشە وخەریکە مەمکی ئەنێتە دەمیەوە و، منداڵەکە سەری نیە. چوار منداڵ ئەبینم دەستەکان وقاچەکانیان بەستراون و ئەوان خەریکن پێ ئەکەنن وسەرئەکەون! قەتاری سەفەکەیان ناشێوێنن. شەرم دام ئەگرێ لە ڕێزیانا بم. هیچ بەهایێکی نیە ئەوەی من کردوومە. ئەگەڕێمەوە و، هەر لە سەر ئەو بینایەوە ئەنیشمەوە. هەموو شتێ لە بیرم ئەچێتەوە. باوکم، دایکم، شەقامەکان، شاری مێرولەکان، تاکەوشەکە، وێنەی کامووسی ئەو کوڕە، تەنانەت کامێراکەش...! کە ئەگەمە چیمەنتۆی پیادەڕێیەکە، تازە دێتەوە یادم، لەم گۆڕستانە ڕزگارم نابێ و خوێن لەسەرمەوە فیشقەئەکا و دوا دووکەڵەکە لە ناخمەوە ،ئەدەمە دەم باوە و، پەردەیێکی ڕەش پێش چاوم ئەگرێ...!!

* سەیفوڵا ساعێدموچشی

**«کۆڵەکە»**

کاتی دایەگەورەم مرد، زرمەی ڕۆخانی ڕۆحی باوکمم بیست. دایەگەورە کۆڵەکەی باوکم بوو. هەم لە ناوەو هەم لە دەرەو. باوکم ئەوەندە گریا گریانی لە بەرچاو کەوت و شێوەی شینێکی تازەی داهێنا. شینە داهێنەرانەکەی باوکم هەموو دڵێکی ئەپێکا. چوارجار بە دەور خۆیا ئەخۆلایەوە ئینجا لە ناوەڕاستی بازنە خەیاڵیەکەدا دادەنیشت و دەیگۆت: باوکە گیان بابە گیان جارێکیتر بۆچی مردی.

ئەم ڕووداوە ئەزموونێکی باش بوو بۆ من. چۆن منیش کۆڵەکەیکم بوو. بۆ ئەوەی ڕۆژی ڕۆخانی کۆڵەکەکەم تووشی ڕەنجەکانی باوکم نەبم، هەموو ڕۆژێ ئەممراند و مەشقی ڕەنج کێشان و ڕۆخانم ئەکرد. ئەوەندە خۆم تاقی کردەوە هەتا تەیەو بووم. دڵنیا بووم ئامادەی ئامادەم.

زرم باوکم مرد.

چرکەم نەکرد. بەڵام، زرمەی ڕۆخانی ڕۆحی دایکم ڕایچەڵەکاندم.

تازە تێگەیشتم هەزار جاری تر خۆم تاقی کەمەوە، تاقەتی مردنی جارێکی تری باوکمم نیە.

/* کورش زارع ڕەمشتی



